www.kurdistannet.org
18-2-2007 21:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆبونەوەی کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیانی مالمۆ و سەدان ئێزیدی باشووری سوید لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی دەڤەری (شێخان)





ڕۆژی 17-02 کۆبونەوەی کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیانی مالمۆ و سەدان ئێزیدی باشووری سوید لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی دەڤەری (شێخان) پتر لە 3 کاتژمێری خایاند. کۆبوونەوەکە لەژێر ئاڵای کوردستان و لەکۆمەڵەی کوردی مالمۆ بەخولەکێك وەستان بۆ شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی ئێزیدی دەستی پێکرد و د قیسمەت میرخان بەخێرهاتنی هەمووانی کردو هەروەها ووتارەکان لەلایەن نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (شێرزاد عەزیز و هاوڕێ سماقوڵی) و پارتی دیموکراتی کوردستان (د. دڵشاد ئاکرەیی و سوفیان) و بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی سوید (ناسیح مەلا حەسەن) و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان (ئاوارە ئیبراهیم) و کۆمەڵەی کوردی مالمۆ (کەریم بارزانی) خوێنرانەوە کە سەرجەمیان پرۆتستۆی ئاژاوەگێڕیی ڕووداوەکەیان کرد و داواکرا تاوانباران لێکۆڵینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت. پاشان نوێنەرانی برا ئێزیدییەکان (شیار شێخ میرزا و ڕەشۆ بۆزانی و حەسەن فەقیر و بەدەل حسێن یەزدین) داواکانیان خست بەردەم کۆبونەوە و بریاری هاوبەش درا بە ئاڕاستەکردنی نامە یەکی کراوە و بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆتایی هات.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی
بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاك عەدنان موفتی
بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك نێچیر بارزانی

1- داوا دەکەین لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسانەی (.. ) بوونە هۆی ڕوودانی کێشە کۆمەڵایەتیکەی دەڤەری شێخان بکرێت.
2-سەرجەم تاوانبارانی ڕووداوەکە بدرێنە دادگا.
3-پێویستە مەزارگاو شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزیدی بەباشترین شێوە بپارێزرێت.
4- قەرەبووکردنەوەی خێزانە زیان لێکەوتووەکان.
5 بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە کوردستانییەکان لەگەڵ پیاو ماقووڵانی ئاینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دەڤەرەکە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن.
6-هەوڵ بدرێت ڕەچاوی ئەوەبکرێت بەرپرسانی ئیداری و حیزبی لەخەڵکی ناوچەکە هەڵبژێرێت.
7- لەڕووی ئابوورییەوە گرنگیەکی زیاتر بەدەڤەری شێخان بدرێت و پرۆژە ئاوەدانییەکان زۆرتر بن بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی ژیانێکی مۆدێرنتر بۆ خەڵکی دابین بکرێت.
8. حکومەت و دەسەڵاتی کوردستان زۆر خورت هەوڵ بدات دووبارە متمانە بگێڕێتەوە نێوان خەڵك و حکومەت و بەتایبەتیش لەبەر گرنگی ڕیفراندۆم لەسەر بڕیاری 140.
9-چارەسەر کردنی کێشەی زەویوزار و دابەشکردنی بەشێوەیکی دادخوازانە و جیاوازی نەکردن لەنێوان خەڵکی دەڤەرەکە و چارەسەری کێشەی تاپۆ لە شێخان.
داوا دەکەیەن وەڵامەمان بدەنەوە.
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوماندا.

ئیمزا ئیمزا
نوێنەری ئێزیدییەکانی نوێنەری کۆمیتەی
باشووری سوید هاوکاری کوردستانیانی
مالمۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.